# خۆشەویستی زك ماكی(فطری) و خۆشەویستی بیروباوەڕی

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی كوردی لەماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ الحب الفطري والحب العقائدي ﴾

« باللغة الكردية »

فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# خۆشەویستی زك ماكی(فطری) و خۆشەویستی بیروباوەڕی

برایەك ئەم پرسیارەی ئاراستەی بەشی كوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كردوە :

**پرسیار :** كەسی موسڵمان دەتوانێت كەسێكی دوور لە دینی خۆشبوێت و هەوڵی ئەوە بدات كە باوەڕ بە ئیسلام بكات؟

**ئێمەش لەوەڵامدا ئەڵێین :**

خۆشەویستی دوو جۆرە :

خۆشەویتستی زك ماكی(فطری): ( ئەوەی كە خوای گەورە وەك سیفەتێكی جیانەبووەوە لەگەڵ مرۆڤدا دروستی كردوە) ، لەگەڵ ( خۆشەویستی بیروباوەڕی ) .

**جۆری یەكەم :** خۆشەویستی فطری، ئەو خۆشەویستیەیە كە شوێنەوارێكە لە شوێنەوارەكانی هەواو و ئارەزووی مرۆڤەكان، هەروەك خوای گەورە لە قورائنی پیرۆزدا فەرموویەتی : ( زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ) { آل عمران : ١٤} واتە : حەزوو ئارەزوو بۆ ژنان بۆ كوڕانِی زۆرو بۆ كۆماو كیسەی زێرو زیوو وە بۆ ڕەوە ئەسپی نیشانداروو پرخاڵ وبۆ مەڕو بزن ووشترو گاو مەزراو كشتوكاڵ، ڕازێنراوەتەوە بۆخەڵك و لایان شیرین كراوە، تەنانەت گەلێ جار ژیانی خۆشیانی تێدایەو ملی خۆیانی بۆ دەشكێنن كەچی هەركەمی ناكەنەوە!! دیارە ئەوانە هەموو نیعمەتی ژیانی ئەم دونیایەن و خوا بۆ مرۆڤی بەدیهێناون، خۆ جێگای حەوانەوەی زۆر خۆشتر و سەرەنجامی گەشەدارتر لەوانە، هەر لای خوایە، كەواببوو پێویستە ئادەمیی ئەوەندە سەرنەكاتە ناوجەرگی ئەو شتانەوەو، هەموو مەبەستێكی هەر ئەوانە بن، ئەگینا خۆ خوای دلۆڤان ئەوانەی هەر بۆ كەڵك لێوەرگرتن دروستكردووە بۆمرۆڤ.

هەر لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " حُبّب إليّ من دنياكم الطيب والنساء، وجعلت قرّة عيني في الصلاة " { المستدرك على الصحيحين للحاكم - كتاب النكاح حديث : ٢٦٠٨} واتە : لەو دونیایەی ئێوە بۆنی خۆش و ژنم لا خۆشەویستکراوە، وە من ڕووناکی چاوەکانم لە نوێژدا دەبینمەوە .

بەم پێیە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەشی تەئکید دەکەنەوە لە خۆشەویستی فطری و کەسیش ناتوانێت نکولی لێ بکات، چونکە نلوکلی لێکردنی بەڵگەیە لەسەر ناتەواوی ئەو کەسە خۆی، چونکە ئەم جۆرە لە خۆشەویستی خەصڵەتێکە لەخەصڵەتەکانی مرۆڤ، بەڵام ئەوەندە هەیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ هەموو شتێك ئەندازە و پێوانەیەکی داناوە و نابێت مرۆڤی باوەڕدار بیبەزێنیت، هەمووی ئەو شتانەی کە خوای گەورە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا ئاماژەی پێکردن دروستن مرۆڤی باوەڕدار لەزەتیان لیوەربگرێت بەڵام بەو پێیەی کە لە سنورەکانی شەرع دەرنەچێت و لەڕێگای حەڵاڵەوە بەدەست بهێنریت .

لەم بارەیەشەوە ئیمامی غەزالی ووتویەتی : " هو حبّ بالطبع وشهوة النفس، ويتصوّر ذلك ممّن لا يؤمن بالله. إلاّ أنه إن اتصل به غرض مذموم صار مذموماً، وإن لم يتصل به غرض مذموم فهو مباح لا يوصف بحمد ولا ذمّ " واتە : ئەو خۆشەویستەیە خۆشەویستیەکە بەسروشت وخۆشەویستی ئارەزووی نەفسە، ئەمەش لەکەسێك چاوەڕوان وتەصەور دەکرێت کە باوەڕی بە خوای گەورە نەبێت، جا ئەگەر پەیوەند بوو بە مەبەستێکی خراپەوە ئەوە خۆشەویستی وئارەزوویەکی خراپە، وە ئەگەر پەوەند نەبوو بە مەبەستێکی خراپەوە، ئەوە خۆشەویستیەکی موباح و ڕێگە پێدراوە.

کەواتە لەم ووتەیەی ئیمامی غەزالیەوە ئەوە روون دەبێتەوە ئەگەر خۆشەویستی و لەزەت وەرگرتن لەو شتانەی کە ئایەتەی ئاماژەی پێداون لەو سنوورانە دەرچوون کە خوای گەورە پێغەمبەرەکەی دیاریان کردووە ئەوە بێگومان حەرامە و کارێکی ناپەسەند و ڕێگە پێنەدراوە، بەڵام ئەگەر سنوور شکێنی تێدا نەکرا ورەچاوی یاسا و ڕێساکانی شەرعی تێدا کرا بێگومان حەڵاڵە وکارێکی یاساغ نیە، بۆ نموونە خۆشەویستی ئافرەت و لەزت وەرگرتن لێی ئەگەر بە ڕێگەی علاقەی غەیری زەواج بێت ئەوە حەرامە، بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای عەقدی زەواج و نیکاح بوو ئەوە شتێکی موباحە و بگرە پاداشتیشی لەسەرە.

هەروەها ئیمامی غەزالی ئەڵێت : ئەو خۆشەویستیەی کە باسی دەکەین لەگەڵ کەسی ناموسڵماندا لەچوار چێوەی ئەم (خۆشەویستنە فطریەدایە)، بۆیە دەبینین کەسێك ئافرەتێکی ناموسڵمانی خۆش دەوێت لەبەر جوانی و شۆخ وشەنگی یان

لەبەر ڕەوشتی، ئەمە ( کارێکی فطری) یە، لەهەمان کاتدا کارێکی خراپە ئەگەر هاتوو پەیوەست بوو بە کارێکی حەرامەوە وەك دانیشتن وکۆبوونەوە و تێکەڵاوکردنی بەحەرامی یان ( خودا پەنامان بدات ) زینا لەگەڵکردنی، وە کارێکی موباحە ئەگەر پەیوەست بوو بەمەبەستێکی موباحەوە وەك زەواج کردن لەگەڵی .

جا پێدەچێت کەسێك کەسێکی ناموسڵمانی خۆش بووێت لەبەر ڕەوشت جوانی یان لەبەر دانای و ژیری، یان بەهۆی بوونی خزمایەتی لەنێوانیاندا، یان لەبەر بوونی بەرژەوەندیەکی تۆ لای ئەو کەسە، یان لەبەر بوونی هۆگریەك لەنێوانتاندا، جا ئەگەر ئەم خۆشەویستیە پەیوەست نەبوو بەکارێکی حەرامەوە ئەو دروست وموباحە، جا پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان و باوەڕدار بوونی ئەم خۆشەویستیە بەهەل وەربگرێت بۆ بانگەوازکردنی ئەو کەسە بۆسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ڕوونکردنەوەی تەعالیم و بنەما وئەرکانەکانی، هەروەك چۆن وارد بووە لە عەبدوڵڵای کوری عەبدوڵڵای کوری ئوبەی کە یەکێك بوو لە هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) کە باوکی یەکێك بوو لە دوو رووەکانی شاری مەدینە بگرە سەرکردەشیان بوو، ئەم کورە باوکی خۆشدەویست لەبەر ئەوەی کە باوکیەتی هەروەها حەزیشی بەوە دەکرد کە هیدایەتی ئیسلام وەربگرێت، هەر بۆیە پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) فەرمانی پێکرد کە بەشێوەیەکی جوان و شیرین هەڵسوکەوت لەگەڵ باوکی بکات لەگەڵ ئەوەش دەیزانی کە ( منافق و دوڕووە) بەڵام ئەم خۆشویستنە ( فطریە) بۆ باوکی وای نەکرد لە عەبدوڵڵا کە یارمەتی باوکی بدات و سەریبخات دژ بە موسڵمانان، ئەگەر شتێکی وای بکردایە بیگومان کارێکی ( مذموم) وخراپی دەکرد، نەك هەر ئەوەندە بگرە کاتێك مەسئەلەکە دەگاتە ئەوەی کە دەبیستێتەوە کە باوکی قسەی ناشیاو و ناشیرینی ووتوە بە پێغەمبەر و موسڵمانان پاش غەزوەی ( بني مصطلق) لەبەردەم شاری مەدینەدا دەوستێت و ڕێدەگریت لەباوکی و ناهێڵێت بچێتەوە ناو شار تا پێغەمبەری خودا ئیزنی دەدا ....

جابرای بەڕێزم ئەگەر خۆشەویستیەکەی تۆش بۆ ئەو کەسە تەنها لەچوار چێوەی ئەم خۆشەویستنە ( فطریە) دا بێت و نەگاتە دژایەتی ئیسلام ومسڵمانان ومەبەستی جەنابیشت هیدایەدانی بێت ئەوە کارێکی مەشروع و ڕێگە پێدراوە، بەمەرجێك ئەم کەسە لەڕەگەزی خۆت بێت واتە ( نێرینە ) بێت، چونکە علاقە و خۆشەویستی وپەیوەندی لەگەل ئافرەتێك بە بیانوو بەڵگەی بانگکردنی بۆ ئیسلام وهیدایەتدانی ئەوە بزانە ئەگەر لەو جێگایەدا ئافرەتیك هەبوو بەو کارە هەڵسێت بەهیچ شێوەیەك دروست نیە و حەرامە کە تۆ ئەو کارە بکەیت، بەلام ئەگەر ئافرەتێك نەبوو بەو کارە هەڵبسێت و ( خلوە) وکۆبوونەوەی بەتەنها و سوعبەت و پێکەنینی تێدا نەبیت و بە ئامادەبوونی

کەسانێکی خاوەن دین و بیروباوەڕ و جێی متمانەی موسڵمان بێت، ئەوە لەبەرناچاری دروستە.

**جۆری دووەم :** خۆشەویستی لەسەر بنەمای بیروباوەڕ : کە بریتیە لە خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی(صلى الله عليه وسلم)، وە خۆشەویستی کەسێك لەبەر خودا و بۆخودابێت، ئەمە بەشێکە لە بیروباوەڕی مرۆڤی موسڵمان، وە کۆمەڵێك تەکالیف وداواکاری شەرعی پێوە بەندە، چونکە واجبی کەسی باوەڕدارە کە برا باوەڕدارەکەی خۆش بوێت، تەنها لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگاری باڵادەست، نەك لەبەر خاتری بوونی نەسەب وخزمایەتی بەرژەوەندیەکی تایبەتی، بەڵکو تەنها لەبەر ئەوە خۆشی بوێت کە موسڵمانە، هەر لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) بەیەکێك لەو شتانەی داناوە کە باوەڕدار لەزەتی ئیمان وباوەرەکەی هەست پێ دەکات تێیدا، وەك فەرموویەتی : (ثلاث من كن فيه وجد بهن حلاوة الإيمان: من كان الله ورسولُهُ أحَبَّ إليه مما سِوَاهما، ويُحِبَّ المرء لا يُحِبُّهُ إلا لله، وأن يَكْرَهَ أن يعود في الكفر، بعد أن أنقذه الله منه، كما يكره أن يُقْذَفَ في النار ) {متفق عليه} واتە : سێ شت هەن کەرکەس تێیاندا بێت ئەوە لەزەت وشیرینی باوەڕەکەی دەچێژێت : ئەگەر خوا و پیغەمبەرەکەی لەهەموو کەس خۆشترویست، وە کەسێکی خۆ بوێت تەنها لەبەر رەزامەندی خودا، وە ڕقی لەوە بیتەوە کە بگەڕێتەوە بۆ سەر کوفر و بێ ئیمانی پاش ئەوەی خودا رزگاری کرد لێێ وەك چۆن ڕقی لەوە دەبێتەوە کە فڕێی بدەنە ناو ئاگرەوە .

هەروەها یەکێك لەو کۆمەلانەی کە لەڕۆژی قیامەتدا لەژێر ئەو سێبەرەن کە خودا دروستي کردووە کەسانێکن تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە یەکتریان خۆش بوێت.

هیودارم توانیبێتمان وەڵامان دابیتەوە و خوای گەورەش لەهەموو کەس زاناترە .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.